کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# پێشڕەو

ئۆرگـانی کومیتـەی نـاوەندی کۆمەڵـە

دەورەی دووهەم — ژمارە ١٦٧ — نیوەی ئەوەڵی مانگی جۆزەردانی ١٣٨٢ - ژوئەنی ٢٠٠٣

* کۆبوونەوەی ئیعترازی کریکارانی کارخانەی کشمیری کرماشان ل٦
* ئیعترازی کریکارانی کارخانەی شاهو لەشاری سنە بە تەرحی بازخەریدی کریکاران ل٦
*گوزارشیك لە وەزعی ژیانی خەلکی ئاوایی گوڵ چیەر ل٦
* کاك خەسرەوی سولیمانی یاری لە میژینەی کۆمەلە کوچی دوایی کرد ل٧

## کیشەی فەلەستین و تەرحی "نەقشەی رێگا"



سەرئـەنجام کابینــەی دەولــەتی ئیسرائیل بە زورینەیەکی زەعیفەوە تەرحی سولحی "نەقشەی ریگا"ی قەبوول کرد و لـە رواڵـەتیش دا بی مـــاڤ فەلەســـتینییەکانی بـــۆ پیکــهینانی ولاتیکـــی ســـەربەخۆ بــــەرەسمی قــــەبوول کـــرد. پەسەندکردنی ئەم تەرحە لە لایەن کابینــەی ئیســرائیل ریگــای بــۆ دانیشــتنی ســێ لایەنــەی ئـاریل شـــــارون، و "هـاوتـــــــا" فەلەستینییەکەی محمود عـەباس ناسراو بە ئەبو مازن و جورج بوش سەروك کۆماری ئامریکا کە قەرارە لەسەر پروسەی ریك کەوتنەکە قسە بکەن خوش کردوە.

"ســیلوان شـــالوم" وەزیـــری دەرەوەی ئیســرائیل ســەبارەت بە بریاری قەبوولی ئەم تەرحە دەلی ئەم بریــارە بــەرادەی تیــپەربوون لـــە دەریای سوور سەخت و دژوار بوو. لــە لایــەکی دیکــەوە شــارون کــە زەمـــانیك تـــەئکیدی دەکـــرد

بروانە لاپەرەی ٣

## پروپاگەندەی رەگەزپەرەستانە لەدژی پەنابەرانی ئەفغانی لە ئیران

لــە مــاوەی چــەند رۆژ و حــەوتووی رابردودا پروپاگەندەیەکی بە مەبەست و ئاگاهانە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیســلامییەوە لـــەدژی پەنابـــەران و کوچبەرانی ئەفغانی لە ئیران کەوتۆتە رێ. تەبلیغاتــەکانی کۆماری ئیسـلامی، بلیندگۆ و بلاوکراوەکانی سەربە رژیم لە هـەولی پیکـهینانی فەزایـەکی تـەواو دژی ئینســانی و دژی پەنابەریــەتی لـــەناو بـــیروڕای گشـــتی خـــەلك دان. گـــەلیك کردەوەی دزیو و دژی ئینسـانی لـەدژی پەنابەران و کوچبەرانی ئـەفغانی بـەڕیوە دەچی. زۆربەی ئەو پەنابەرانە سەرەرای ئەوەی کە سالانیکە لە ئیران دەژین و کار و زەحمەتی زۆریان کیشاوە و هاوسەر و منالی ئیرانییان هەیە، بەلام ئیستاش لە ئەمنیەتی شوغلی، شوینی نیشتەجی بوون و ئەمنیەتی گیانی بەرخوردار نین. چەند رۆژ لەمەوبەر بەریوەبەری گشتی ئوستانداری خوراســان بـۆ کاروبـاری کەســانی دەرەوەی ئـیران، کــە ئــەم ئوستانەش زۆربەی پەنابەرانی ئەفغانی لـەخۆ دەگـری، رایگـەیاند کـە کـارتی ئیعتباری هەمیشەیی پەنابەرانی ئەفغانی لە مانگی رەزبەری ئەمسالەوە واتە کەمتر لە ٤ مانگی تر، بی‌ئیعتبار دەبی. هـەروەها ناوبراو وتی کـە پەنابـەرانی ئـــەفغانی نیشـــتەجیی ئوســـتانی خوراسـان دەبـی کـارتی ئیقامـەی هەمیشـەیی خۆیـان هـەتا سـەرەتای مـانگی رەزبـەری ئەمسال تـەحویلی دەفتەری تەبەعـە خارجیـەکان بدەن، نـاوبراو لـــە دریـــژەی قســـەکانیدا رایگـەیاند: پەنابـەرانیك کـە کـارتی ئیقامەی دایمی خۆیان تەحویل نەدەن،

بروانە لاپەرەی ٤

## سەبارەت بە نامەی ١٢٧ کەس لە نوینەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی بۆ خامنەیی

نامەی ١٢٧ کەس لە نوینەرانی مەجلیسی شـورای ئیسـلامی بـۆ ئایـەتوللا خامنـەیی رابەری رژیمی ئیسلامی کە لە ماوەیەك لەوە پیشەوە لە کور و کومەل و مەحافلی سیاسی ئیران باسی لیدەکرا، چەند رۆژ بلاو بۆتەوە. لەو نامەیـەدا ئـەم ١٢٧ کەسـە لـە نوینـەرانی مـەجلیس کـە زۆربـەیان سـەر بـە جبهـەی موشارکەتی ئیسلامی و سازمانی موجاهدینی ئینقلابی ئیسلامی واتە بالی ئیسلاح خوازی ناو رژیمن، ویرای دەربرینی نیگەرانی قوولی خۆیـان و وشیار کردنـەوەی رابـەری رژیمـی ئیسـلامی سـەبارەت بـە بـارودۆخ و وەزعـی قـەیرانی ئـیران و بـەراوەرد کردنـی هـەل و مەرجی ئیستای ئیران لەگەل دەورەی شەری جیهانی دووهەم، داوایان لە رابەری کۆماری ئیسلامی کردوە کە تا درەنگ نـەبوە جامی ژەهرەکە بەسەریەوە نێ.

نووسـەرانی ئـەو نامەیـە هـەل و مـەرجی ئیستای ئیران لەگەل زەمانی داگیرکردنی ئیران لە سەردەمی شەری جیهانی دووهەم لەلایەن هیزەکانی هاوپەیمانەوە لــە ســالی ١٩٤١ ی زایینـی و دەورەی کۆتـایی شـەری ئـیران و عیراق لە سالی ١٩٨٨ بەرئاوەرد دەکەن، کە لە سەردەمی شەری دووهەمی جیهانیدا هیزە دەرەکیـەکان راسـتەوخۆ دەخالـەتیان لـە گورینی رژیمی ئیران کرد و لە سـەردەمی کۆتایی شەری ئیران و عیراقیش دا خومەینی رابـەری رژیمـی ئیسـلامی بـە پیچەوانـەی ویسـتی خـۆی جـامی ژەهـری نوشـی و

بروانە لاپەرەی ٢

## ئەهێنییەکانی لاویکی بیکار

بـەیانی زوو سـەحەریان بە مەبەستی چوونـە شـوینی کـار، سـواری تاکسی بووم. لـە پـەنام لاویکی ژاکـاو و دل بـە خـەم دانیشت. لە سیمایدا خەمیکی قورس و گران ئاشکرا دەبوو کە زەوق و هەست و ئیحساسی لاویەتی ئەوی شاردبووەوە بە جل و بەرگی سادە و ئاساییەکەی دەکرا تی بگەی کە منالی رەنج و ئازار و کارە. نایلۆنیکی رەش کە دیاربوو کـەل و پـەلی پیویستی خۆی تیدا هـەلگرتبوو، بەدەستەوە بـوو. شـوفیرەکە رادیـوی ماشـینەکەی روشـن کردبـوو کـە کـاتی بلاوبوونـەوەی هەوالـەکان بـوو و قسـە و خوتبـە بی ناورۆك و دوویات کراوەکانی رۆژی پیشووی خاتەمی بلاو دەکردەوە و قسەی لەسەر دەکرد. ئەو لاوە کە لە پەنام دانیشتبوو پاش هەلکیشانی هەناسەیەکی سارد و پر لە داخ کە لە قوولایی دلیەوە سەرچاوەی دەگرت سفرەی دلی بۆ کردمەوە و وتی: " بیدەنگی کە، ئەم زالمە ستەم کارە و کۆنەپەرەستە، ئاخر ئەوەش بوو بە

بروانە لاپەرەی ٧



هـونـەر و ئـەدەبیاتی پێشـڕەو

بروانە لاپەرەی ٥

پاشماوەی لاپەرەی ١

پاشماوەی لاپەرەی ١

## سەبارەت بە نامەی ١٢٧ کەس لە نوینەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی بۆ خامنەیی

بریارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنیەتی سازمانی نەتەوەیەکگرتوەکانی سەبارەت بە کۆتایی شەر قەبوول کرد.

نوینەرانی مەجلیس لەو نامەیەدا هەروەها باس لە گرانی و گیروگرفتی بەریوەچوونی خەلك، فەسادی ئیداری و نارەزایەتی زۆرینەی خەلکی ئیران دەکەن و دەلین بەم حال و وەزعەوە فورسەتیکی زۆرمان نەماوە و روو لە ئایەتوللا خامنەیی دەلین ئەگەر قەرارە جامی ژەهریك بنوشریتەوە باشتر وایە بەر لەوە کە کیانی نیزامی جمهوری ئیسلامی و گرینگ تر لەوە سەربەخویی وتەمامیەتی ئەرزی ئیران بکەویتە بەر مەترسی، ئەم ژەهرە بنوشریتەوە.

تەنیا چەند سەعات دوای بلاوبوونەوەی ئەو نامەیە، خامنەیی لە سوخەنرانی و قسە و باسیك دا بۆ ئەندامانی ستادی ریزگرتن لە خومەینی، لە مەشروعییەتی حکومەتی ئیسلامی دیفاعی کرد و پشت هەلکردنی کومەلانی خەلك لە نیزامی ئیسلامی بە توندی رەد کردەوە و نوسەرانی نامە و رەخنەگران لە رژیمی ئیسلامی بە ترسنوك و داماو ناساند و بەمجۆرە دژایەتی خۆی لەگەل ناوەروکی نامەی نوینەرانی مەجلیس نیشان دا.

بەلام با بزانین چ ئال و گوریك لە بارودۆخی سیاسی ئیران روی داوە کە بۆتە هۆی ئەوە کە نوینەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بەم چەشنە لەگەل رابەری کۆماری ئیسلامی قسە بکەن.

واقعییەت ئەوەیە ئەمرۆ کە شەش سال لە دووی خوردادی سالی ١٣٧٦ و هاتنە سەرکاری خاتەمی و دووی خوردادی‌یەکان تی‌پەر دەبی، هەر هاتوە و ماهییەتی راستەقینەی پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی زیاتر بۆ خەلك روون بوەتەوە. لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خاتەمی زۆر کەس لە خەلکی ئیران کە بەهیوای پیك هینانی ئال و گور لە وەزعی سیاسی چووبونە پای سندوقەکانی دەنگدان، و بەشیکی زۆر لە ئوپوزیسیونی لیبرالی لایەنگری پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی تووشی تەوەهوم و خۆشباوەری بوون، و پێیان وابوو کە رژیمی سیاسی ئیران لەژیر سیبەری دەسەلاتی خاتەمی، بەرەو رژیمیکی سکولار و لیبرال و دیموکراتیك دەچیتە پیش، و ئال و گوری بەسەردا دێ، زۆر کەس پیی وابوو کە کومەلگای ئیران لەژیر سیبەری پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی، دیموکراتیزە دەبی، ژنان لە سوکایەتی پی‌کردن و تەحقیری هەر رۆژە و پی‌شیل کردنی سەرەتایی‌ترین مافەکانیان رزگاریان دەبێ. زۆر کەس بەو هیوایە بوون کە لەژیر سیبەری دەسەلاتی خاتەمی و دووی خوردادی‌یەکان، میللەتانی ئیران و لەوانە خەلکی کوردستان لە چەوساندنەوە و ژیر چەپوکە بوون رزگاریان دەبێ، لە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان و لەمافی شارومەندی بەرابەر بەهرەمەند دەبن، و هەر لەسەر ئەساسی ئەم تەوەهوم و خوشباوەریە لە هەولی خوریکخستن لەگەل پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی لە کوردستان بوون، بە دوای دووی خوردادی سالی ٧٦ زۆر لە هیزەکانی ئوپوزیسیونی لیبرالی ئیران بەم هیوایە کە بتوانن لە تاران دەفتەری عەلەنی ریکخراو و حیزبەکەیان بکەنەوە، رۆژنامە و گۆڤارەکەیان چاپ بکری و فەعالییەت و هەلسوورانی سیاسی‌یان ئیمکانی قانوونی پەیدا بکا، بی‌وچان و ماندوویی نەناسانە لە ریفورم خوازانی ناو دام و دەزگای حکومەتی پشتیوانی‌یان کرد. دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی لە ئیران زۆر کەس لەو تەوەهوم و خوشباوەری‌یەدا بوو کە وەزعی ژیان و هەل و مەرجی کاری کریکاران بەرەو باش بوون دەچی، دیاردەی منالانی خیابانی، دەستگیری بە کۆمەل و زیندان و ئەشکەنجەی لاوان بە تاوانی دیفاع لە مافە رەواکانیان کۆتایی پی دێ و چی‌تر شەقامەکان و مەیدانی شارە گەورەکان نابن بە جیگا و شوینی بەریوەچونی مەراسمی لە سیدارەدانی خەلك. بەلام ئەمرۆ ئەم بیروبوچون و لیکدانەوانە کە ئامانجەکانی پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی‌یان دیموکراتیزە دەکرد بە بن بەست گەیشتوە و تەوەهوم و خوشباوەری بەوە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە جیهەت قازانج و بەرژەوەندی کریکاران و کۆمەلانی خەلکی ئیران ئیسلاح دەبی بۆتە بلقی سەر ئاو.

لە دەورەی دەسەلاتداریەتی خاتەمی و مەجلیسی ئیسلاحات بوو کە بە بردنە دەری کارگاکانی کەمتر لە ١٠ نەفەر لە شمولی قانوونی کار میلیونها کریکاریان بەرەو بی‌مافی تەواو و هەل و مەرجی کاری کویلەتی پال پیوە نا، ماجرای قەتلە زەنجیرەییەکان بە مەبەستی پیکهینانی فەزای ترس و وەحشەت لەنیو نووسەران و روناك بیرانی شورشگیر هەر لە دەورەی خاتەمی‌دا بەریوە چوون. ماجرای سەرکوتی خویناوی راپەرینی ١٨ی پووشپەری دانشگاکان بە هاودەستی و بە هاوکاری خاتەمی و دەولەتی ئیسلاحات بەریوە چوو. لە دەورەی سەرۆك کۆماری خاتەمی‌دا هیچ شاریکی ئیران نەبوە کە مەراسمی لە سیدارەدانی بە کۆمەلی لاوانی بەخویەوە نەدیتبێ.

لەژیر دەسەلاتی دەولەت و مەجلیسی ئیسلاحات هەموو دیاردە دزیوەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری، بیکاری، دزی، فەحشا، ئیعتیاد، فەسادی ئیداری و مال ویرانی پەرەی ئەستاندوە و هیچ نیشانەیەك لە باش بوونی وەزعەکە لەژیر سیبەری ئەم رژیمە ناکەویتە بەرچاو. سوکایەتی و تەحقیری هەر رۆژەی ژنان دریژەی هەیە.

هەموو هونەری خاتەمی و پروژەی ئیسلاحات لە چەند سالی رابردوودا لە هەول و کوشش بۆ ژیر پی‌خالی کردنی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان و بەلاری‌دا بردنی ئەم بزووتنەوانەدا خولاسە دەبیتەوە.

لە کوردستان هەولیان داوە تا بە یارمەتی فراکسیونی کوردەکانی ناو مەجلیسی شورای ئیسلامی و نوینەرانی کورد زمانی رژیم لە کوردستان، داخوازی‌یەکانی خەلکی کوردستان تا چەند داخوازی ئیداری و فەرهەنگی دابشکینن و لە لایەکی دیکەوە بە وت و ویژی ژیر بەژیر لەگەل ئەم تاقم و ئەو گروپ زەمینە بۆ زەربە لیّدان لە بزووتنەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستان فەراهەم کا.

لە ناو بزووتنەوەی کریکاری، پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی هەولی داوە تا لە ریگای بەرپا کردنی ریکخراوەگەلیك کە بە رادەی شورا ئیسلامی‌یەکان دژی کریکاری بن مەیدانی خەبات و مانوری بزوتنەوەی کریکاری لە چوارچیوەی پاراستنی بەرژوەندی‌یەکانی سەرمایەدارانی ئیران بەرتەسك کاتەوە.

ئەمرو، کە ٦سال لە عومری سەروك کوماری خاتەمی وپروژەی ئیسلاحاتەکەی تی‌پەر دەبی، ماهییەتی راستەقینەی سیاسەتەکانی بۆ زوربەی هەرە زوری کریکاران و کومەلانی خەلك دەرکەوتوە. پروژەی ئیسلاحاتی خاتەمی هیچ شتیك نەبوو جگە لە هەول و کوشش بو بەشدارکردنی هەمووبە شەکانی بۆرژوازی ئیران لە دەسەلاتی سیاسی‌دا، ئەم پروژەیە کە بە شیکە لە پروژەی‌ئیسلاحاتی بورژوازی ئیران، هیچ شتیك نەبوو جگە لە هەولدان بۆ دابین کردنی دیموکراسی لەناو ریزی بورژوازی ئیران، ودابین کردنی ئەمنیەت بو سەرمایە گوزاری وپیك هینانی روخانیکی قەزایی، فەرهەنگی-سیاسی و حقوقی گونجاو بۆ گەشەی سەرمایەداری ئیران. ئەوە دەرکەوتوە کە وەدیهینانی ئەو ئامانجانە بۆ بورژوازی ئیران هیچ پەیوەندی‌یەکی بە دیموکراتیزە کردنی کومەلگای ئیرانەوە نیە.

ئەمرو ئیتر تەوەهوم و خوشباوەری سەبارت بە ناوەروکی سیاسەتەکانی ئیسلاح خوازانی ناو حکومەت نەماوە، ئەمرو ئیسلاح خوازانی ناو حکومەت چی‌تر ناتوانن ببنە سپەری بەلای رژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئیعترازات و نارەزایەتی کومەلانی خەلك.

روداوی ٩ی رەشەمە یانی شانوگەری هەلبژاردنی شورا ئیسلامی‌یەکانی شار و دێ کە تێیدا زیاتر لە ٨٥ دەرسەد لە خەلك ئەم هەلبژاردنەیان تەحریم کرد، لەرزەی خستوەتە ئەندامی هەر دوك بالی دەسەلاتداری رژیمی کۆماری ئیسلامی.

ئەمرو لە کاتیك دا کە هەر دوك بالی رژیمی ئیسلامی لەناو دەریایەك لە نیفرەت و بیزاری کومەلانی خەلك دریژە بە عومری نگریسی خویان دەدەن، نامەی ١٢٧ کەس لە نوینەرانی مەجلیس هەول و تەقەلایەکی عەوامفریوانە و زەبونانەیە تا بەلکو بتوانن لەو ریگایەوە تەکانیك لە چەرخی ئیسلاحات بدەن و خەلك بە داهاتووی پروژەی ئیسلاح خوازانی حکومەتی گەشبین بکەن.

نامەی ١٢٧ کەس لە نوینەرانی مەجلیس بەباشی ئەوە نیشان دەدا کە ئەگەر سەردەمیك ئیسلاح خوازانی ناو دەسەلات لە تەوەهوم وخوشباوەری خەلك نیسبەت بە پروژەی ئیسلاحات وەك ئەهرومی فشاریکی کونترول کراو بۆ سەر بالی پاوانخواز کەلکیان وەردەگرت، ئەمرو تەوەهوم و خوشباوەری‌یەك لە گوری‌دا نیە و خویان کەوتونە بەر نیفرەت و بیزاری کومەلانی خەلك و هەول دەدەن تا بالی پاوانخواز لە دەخالەتی ئامریکا بترسینن وئەم جارە دەخالەتی ئامریکا وەك ئەهرومی فشاریك بۆ پاشەکشە کردن بە بالی پاوانخواز بەکار بینن.

کاتیك کە نوینەرانی مەجلیس لە نامەکەیان بو خامنەیی دەلین ئەگەر قەرارە جامی ژەهریك بنوشریتەوە باشتر وایە کە بەر لەوە سەربەخویی و تەمامییەتی ئەرزی ئیران بکەویتە بەر مەترسی، ئەم ژەهرە بنوشریتەوە، لە راستی‌دا لە لایەکەوە بالی پاوانخواز لە دەخالەتی دەولەتی ئامریکا دەترسینن و هاندەری گرتنی پەیوەندی رەسمی لەگەل ئامریکان و لە لایەکی‌تریشەوە چرا سەوز دەدەن بە ئامریکا کە ئەوە ئەوانن دەتوانن رژیمی کۆماری ئیسلامی لە جهەت قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی ئامریکا ئیسلاح کەن.

بەلام لەو نیوەدا کریکاران و کومەلانی خەلك دەبی توندوتیژ بونەوەی ناکوکی نیوان بالەکانی رژیم بە دەستکەوتی ئیعترازات و خەباتی خویان بزانن و بە دوور لە هەر تەوەهوم وخوشباوەری‌یەك بە دەخالەتی هیزی دەرەکی، لە هەر هەل و فورسەتیك بۆ پەرەدان بە ئیعترازاتی خویان بو گەیشتن بە داخوازی‌یە رەواکانی خویان تی‌بکوشن و بە یەکگرتوو کردنی ریزەکانی خەباتی خویان رژیمی کوماری ئیسلامی بە هەموو بالەکانیەوە بەرەو هەلدیری نەمان بەرن.

*

نیوەی ئەوەلی مانگی
جۆزەردان ١٣٨٢ - ژوئەنی ٢٠٠٣



پاشماوەی لاپەرەی ١

# کیشەی فەلەستین و تەرحی "نەقشەی ڕێگا"




فەلەستینییەکان ولاتی خۆیان هەیە، ئوردون ولاتی ئەوانە ئیتر پیویستییان بە ولاتیکی دیکە نیە، ئەمرۆ لەسەر ئەوە تەئکید دەکا کە بی پیشرەفت لە مەسیری سولح لەگەل فەلەستینییەکان وەزعی ئابووری ئیسرائیل باش نابی. بەپیی تەرحی "نەقشەی ریگا" کە لە لایەن کۆمیتەی چوار لایەنەی "ئامریکا، روسیە، ئوروپا و ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان" ئامادە کراوە و دەولەتی ئیسرائیل و تەشکیلاتی خودگەردانی فەلەستینیش قەبوولیان کردوە، سەرەتا دەبی فەلەستینییەکان واتە تەشکیلاتی خودگەردان، یا ساف بەلینی بدەن کە توندوتیژی کۆتایی پی بێنن و بۆ چەك کردنی رایەلە تیروریستییەکان هەنگاوی عەمەلی هەلگرن، دام و دەزگا ئەمنیەتییەکان بازسازی کەن و لەگەل دام و دەزگای سیخوری و ئەمنیەتی ئیسرائیل هاوکاری بکەن، و پاش بەریوەچوونی هەموو ئەم شەرتانە ئیسرائیل هیرش بۆ سەر ناوچە فەلەستینییەکان و کاول کاری کۆتایی پی دینێ و پروژەی ساختمان سازی بۆ یەهودییەکان لە کەرانەی باختەری و نەواری غەزە رادەگرێ.

بەپیی ئەم تەرحە دەستی دەولەتی ئیسرائیل ئاوالە کراوە تا ئاگری شەریك کە هۆکارە ئەسلییەکەی کردەوەی داگیرکەرانە و کاول کاری، کوشت و کوشتاری هەر رۆژەی فەلەستینییەکان بە دەست دەولەتی رەگەزپەرەستی ئیسرائیلە، بەدەستی تەشکیلاتی خودگەردانی فەلەستینییەکان بکوژینیتەوە. ئەوە سیاسەت و کردەوەکانی تیروریسمی دەولەتی ئیسرائیل لەناوچە فەلەستینییەکان بە پشتیوانی مالی و تەسلیحاتی ئامریکایە کە زەمینەی عەینی بۆ گەشەی فەعالییەتی ریکخراوی حەماس و رەوتە ئیسلامییەکانی دیکە، و تیروریسمی کویری ئەم گروپانە فەراهەم کردوە.

بەپیی ئەم تەرحە دەستی دەولەتی ئیسرائیل ئاوالەیە بۆ دوو بەرەکی نانەوە لەناو فەلەستینییەکان. بەپیی ئەم تەرحە دەولەتی ئیسرائیل دەتوانی بەر لە کوتایی هینان بە سیاسەتی داگیرکردن و کاول کاری ناوچە فەلەستینییەکان زەخت بخاتە سەر دەولەتی خودگەردانی فەلەستین بۆ بەربەست کردنی عەمەلیاتی تیروریستی گروپە ئیسلامییەکان و ئەوە یانی بەرپا کردنی تیك هەلچوونی چەکدارانەی خویناوی لەنیوان چەکدارەکانی دەولەتی فەلەستین و هەلسووراوانی حەماس و جیهادی ئیسلامی. یانی دەولەتی ئیسرائیل بەر لەوەی لە هەولی لەناو بردنی زەمینە مادییەکانی گەشەی هەلسووران و فەعالییەتی تیروریستی رەوتە ئیسلامییەکان بێ، هەول دەدا تا دەولەتی خودگەردانی فەلەستین بەگژ ئەم تیروریزمەدا کاتەوە.

ئەگەر تا ئەمرۆ دەولەتی رەگەزپەرەستی ئیسرائیل توانیویەتی بە بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی ژورنالیسمی رۆژئاوا، شەر و کاول کاری لەدژی فەلەستینییەکان وەك شەریکی دیفاعی و وەك دژ کردەوەیەکی پیویست بە تیروریزمی فەلەستین لە قەلەم بدا و وەك نموونەیەك لەشەر لەدژی تیروریزم باسی لی بکا، تەرحی "نەقشەی ریگا"ش هەر ئەو ئیدعا پیچەوانەی دەولەتی ئیسرائیل تەئید دەکا.

بەپیی تەرحی "نەقشەی ریگا" ئیسرائیل بە مەرجیك بەرنامەی دروست کردنی شوینی نیشتەجی بوون بۆ یەهودییەکان کۆتایی پی دینێ کە رەوتی سولح بچیتە پیش و دەولەتی خودگەردانی فەلەستین رایەلە تیروریستییەکانی چەك کردبی و.... مانای ئەوە چیە؟ مانای ئەوەیە کە تازەمانیك رەوتی سولح نەگاتە شوینیك کە بوش و شارون تەئیدی کەن، کە ئەو کاتە مەعلوم نیە کەی بی، دروست کردنی مەسکەن بۆ یەهودییەکان لە ناوچە فەلەستینییەکان هەر دریژەی دەبی. ئەوە لە حالیکدایە کە بریارنامەی سالی ١٩٦٨ی شورای ئەمنیەت کە کاتی خۆی دەولەتی ئامریکاش تەئیدی کردوە، لە دەولەتی ئیسرائیل داوا دەکا کە لە داگیرکردنی ئەو بەشەی رۆژهەلاتی ئورشەلیم و دروست کردنی مەسکەن بۆ یەهودییەکان دەست راگری. بەمجۆرە تەرحی "نەقشەی ریگا" بە ئاشکرا لە سیاسەت و کردەوەی داگیرکەرانەی دەولەتی ئیسرائیل پشتگیری دەکا.

بەپیی تەرحی نەقشەی ریگا مەرحەلەی دووهەم کاتیك دەست پیدەکا کە کۆمیتەی چوار لایەنە راگەیەنێ کە دوو لایەنەکە توانیویانە مەرحەلەی ئەوەل سەرکەوتوانە تەواو کەن، ئەو کات ولاتیکی فەلەستینی بە سنووری کاتی پیك دێ و هەلبژاردن بەپیی قانوونی ئەساسی بەریوە دەچی و کونفرانسیکی نیودەولەتی بۆ یارمەتی ئابووری و وت و ویژ بۆ پیك هینانی ولاتیکی کاتی تاوتوێ دەکری.

مەرحەلەی سیهەمیش، پیکهینانی کونفرانسیکی نیودەولەتییە کە دوایین مەوزوعەکان تاوتوێ دەکاتەوە، سنوورەکان دیاری دەکا و پەیمانیکی سولح دەبەستی کە تا سالی ٢٠٠٥ بتوانی سولحیکی پایەدار لەنیوان ئیسرائیل و دونیای عەرەب دا دابین کا.

بەلام تەرحی "نەقشەی ریگا" هەر جوریك داریژرابێ و هاتبیتە سەر کاغەز لە دونیای واقع دا ئەوە تەرازوی هیزی، نیوان لایەن و هیزەکانی دەرگیر لە کیشەی فەلەستینە کە ریگا و مەسیری سولح و کۆتایی هینان بە کیشەکان دیاری دەکا.

واقعییەت ئەوەیە کە ئەمرۆ دەولەتی ئیسرائیل نە تەنیا لەگەل رەوتی رو لە گەشەی "ئینتفاضە" لەناوچە داگیر کراوەکانی فەلەستین روبەرویە، بەلکو لە ناو ئیسرائیلیش لەگەل بزووتنەوەیەکی بەهیزی سولح خوازی بەرەورویە. بە پیچەوانەی ئەو شتەی کە دەولەتی ئیسرائیل هەول دەدا بە زوری دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانیەوە بیباتە ناو میشکی خەلکەوە، ئیسرائیل تەنها حیزبی رەگەزپەرەستی لیکود و حیزبی کارگەر نیە. لە ئیسرائیل بزووتنەوەیەکی سولح خوازیش وجودی هەیە کە بە وردبینییەوە هیرشی وەحشیانەی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر ناوچە فەلەستینییەکان و داگیرکردن، ویران کردن، کوشت و کوشتار و مال سوتاندنی خەلك لەقاو دەدەن، ئەوان بە وردبینییەوە ئەو کارەساتە سامناکەی کە ئەرتەشی ئیسرائیل دەیخولقینێ بە ناوەندەکانی هەوالنیری و دامەزراوەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ گوزارش دەدەن و زۆرجاریش لە شارەکانی ئیسرائیل لەدژی سیاسەتەکانی دەولەتی ئیسرائیل و لەدژی دەولەتی ئاپارتاید ئیعتراز و خوپیشاندان وەری دەخەن.

ئەگەر چی نەبوونی بەرەیەکی ریکخراوی چەپ و رادیکال و کریکاری، ریگا بۆ لایەنە سیاسییەکانی ئیسلامی و سازشکاری میللی ئاوالە دەکا تا هەر کامیان بەپیی بەرژەوەندی سیاسی و مادی خۆیان، بزووتنەوەی عادلانەی خەلکی فەلەستین بە لارێدا بەرن، بەلام بیگومان گەشەی خەباتی خەلکی تیکوشەری فەلەستین و پەرەسەندنی بزووتنەوەی سولح خوازی لە ئیسرائیل و هاوچارەنووسی ئەم دوو بزووتنەوەیە ریگا بۆ گەشە کردنی خەباتیکی رادیکال و سوسیالیستی لەناوچەکە خۆش دەکا و کۆتایی بە مەیدانداری رەوتە ئیسلامییەکان دینێ.

کەوتنە رێی هاوپشتییەکی جیهانی لەدژی تیروریزمی دەولەتی ئیسرائیل و تیروریسمی هاوسارپچراوی رەوتە ئیسلامییەکان، بۆ پشتیوانی لە ئاشتی و لەمافی دیاری کردنی چارەنووسی خەلکی فەلەستین دەتوانی هاوسەنگی هیز بەدژی دەولەتی نژادپەرەست بگوری و پیلانەکانی پوچەل کاتەوە. هەم فەلەستینییەکان مافی خۆیانە کە بە ئازادی دەولەتی سەربەخۆی خۆیان پیك بهێنن و لە ئاوارەیی و دەربەدەری دەیان سالە و ژیانی مەرگەساتانە رزگاریان بێ و هەم دانیشتوانی ولاتی ئیسرائیل پیویستە لە مەترسی تیروریزمی کویرانە رزگاریان بی و لە ئاشتیدا بژین.

*

پاشماوەی لاپەرەی ١

# پروپاگەندەی رەگەزپەرەستانە لەدژی پەنابەرانی ئەفغانی لە ئێران

ئەگەر ئەم کارتەشیان پێ بی، وەك پەنابەری نایاسایی حیسابیان بۆ دەکری. بەپیی ئامار نیزیك بە ٦٦ هەزار منالی پەنابەری ئەفغانی لە مەدرەسەکانی ئوستانی خوراسان دەرس دەخوینن.

بەپیی ئامارە رەسمیی‌یەکان زیاتر لە ١/٥ میلیون پەنابەری ئەفغانی لە ئیراندا کار دەکەن و نیشتەجین. زۆربەی ئەوان بەشوین بازاری کار و کۆمەلگاوەن و منالانی ئەوانیش دەرس دەخوینن. سەرەرای ئەم بارودۆخە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دوولایەنە بەرخوردیان پی‌دەکەن. لە لایەکەوە کەلك لە هیزی کار و دەسترەنجی ئەوان و داهینان و خەلاقیەتیان وەردەگرن و لە لایەکی‌تریشەوە بەردەوام وەك پەنابەر و میوان و کوچبەریك کە داهاتوویەکی روونیان نیە، سەیریان دەکەن. ئەم شیوە بەرخوردە دژ بە یەك و دژی ئینسانی‌یە بۆتە هۆی ئالوز بوونی ژیانی ئیستا و داهاتووی ئەو پەنابەرانە و بنەمالەکانیان.

لەم دوایی‌یانەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زەخت و زۆر و کردەوەی دژی ئینسانی‌یان لەسەر ئەوان زیاتر کردوە و ژنانی ئیرانیش کە لەگەل ئەم ئەفغانیانە ئیزدواجیان کردوە و منالی هاوبەشیان هەیە، دەگریتە خۆ.

مودیری گشتی کاروباری تەبەعە و پەنابەرانی خارجی وەزارەتی ئیران جاریکی‌تر لەسەر دەرکردنی ئەو ژنە ئیرانیانەی کە لەگەل پیاوانی ئەفغانی ئیزدواجیان کردوە، ویرای هاوسەر و منالەکانیان پیی‌داگرتوە.

ئەحمەدی موحسینی مودیری گشتی کاروباری تەبەعە و پەنابەرانی خارجی وەزارەتی رژیم، لە وت و ویژیکدا لەگەل هەوالنیران وتی: ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پاش سالی ٢٠٠٤ هیچ یارمەتی‌یەکی پەنابەرانی ئەفغانی نیشتەجیی ئیران ناکات و لە کوتایی سالی ٢٠٠٤ هەل و مەرجی پەنابەریێتی ئەفغانیەکانی نیشتەجی لە ئیران کۆتایی پی‌دیت. ناوبراو لە دریژەدا وتی: ئەو بنەمالانە مەبەست بنەمالەیەکە کە هاوسەر و منالی ئیرانی‌یان هەیە، دەبی بۆ ئەفغانستان بگەرینەوە. بەپیی قسەکانی ئەم کار بەدەستەی کۆماری ئیسلامی، سازمانی میللەل قەرارە لە کۆتایی سالی ٢٠٠٤دا هیچ یارمەتی‌یەکی ئەوان نەدات کە هیشتا زیاتر لە سال و نیویك بۆ ئەو کاتە ماوە، بەلام رژیمی ئیسلامی لە هەولدایە هەر لە ئیستاوە پەنابەرانی ئەفغانی لە ئیران دەر بکات. کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی بەم کردەوەیان لە هەولدان یارمەتی‌یەکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە پەنابەرانی ئەفغانی لەو ماوەیەدا زەوت بکەن. کاریك کە تا ئەمرۆ گەلیك جاران شاهیدی بووین. زەوت کردن و دزینی ئیمکانات و ئەو هەزینانەی کە لە لایەن ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە وەك یارمەتی بە پەنابەرانی ئەفغانی دەدری، بەشیکە لەو سەروەت و سامانە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە تالانی دەبەن.

لە لایەکی‌ترەوە بە ناردنی ژنانی ئیرانی و منالانیك کە بەهۆی ئیزدواجی ژنانی ئیرانی و پیاوانی ئەفغانی لە دایك بوون، بۆ ئەفغانستان، کۆماری ئیسلامی کاریك دەکات کە لەگەل هەر جورە یاسا و ریسایەکی نیونەتەوەیی و ئینسانی دژایەتی هەیە. لە زۆربەی ولاتانیك کە پەنابەر وەردەگرن، بوونی دایك یان باوك کە تەبەعەی ئەو ولاتەیان هەبی کافی‌یە کە بە خیرایی منالەکە تەبەعیەتی ئەسلی ئەم ولاتەی پی بدەن. هەر ئەم کارەش ئیمکانیك بۆ مانەوەی هەمیشەیی و ئیقامەی دایمی سەرپەرەستی منال دەخولقینی، یان ئەگەر یەکیك لە لایەنەکان ئیقامەی هەبی، ئیمکانی ئیقامەی پیاو یان ژن ئەگەر لەو ولاتەش نەبی، دەرەخسینی. بەلام لە ئیران سەرەتایی‌ترین مافەکانی پەنابەران نە تەنیا ناپاریزری بەلکوو تەبەعە ئیرانیەکانیش، بە تایبەت ژنان بەهۆی ئیزدواج لەگەل کوچبەران، حیسابی پەنابەریان بۆ دەکریٚ و بە دەرکردنی ئەوان، ژنان و منالەکانیشیان دەر دەکریٚن.

ئەم یاسا کۆنەپەرەستانەیە زۆرتر ژنان و منالان دەگریتەوە کە لە فەرهەنگی ئیسلامی و پیاومەزنی‌دا جیگایەکی شیاوی ئینسانیان بۆ لەبەرچاو نەگیراوە و هەر لە بنەرەتیش دا یاساکانی ئیسلامی یاسای دژی ژن



و ژن ئازاری‌یە.

دیاردەی پەرەگرتنی کوچکردن لە ئەفغانستان بۆ سەرەتای دەیەی ٩٠ی میلادی واتە دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو و هاتنە سەرکاری جەریاناتی کۆنەپەرەستی ئیسلامی لە ئەفغانستان و هەلگیرسانی شەرە نیوخۆیی و عەشیرەیی‌یەکان دەگەریتەوە. لەو ماوەیەدا و تا ئەمرۆ سەدان هەزار کەس لە ئەفغانیەکان بۆ رزگار بوون لە شەر و کوشتاری دەستە و تاقمە ئیسلامی و میلیشا ناوچەیی‌یەکان ئاوارەی ولاتانی دراوسی و شوینەکانی‌تری جیهان بوون. دەست تیوەردانی کۆماری ئیسلامی لە رووداوە نیوخۆیی‌یەکانی ئەفغانستان و بەهیزکردنی چەند لایەنیکی تاقمە ئیسلامیەکان لە بەرانبەر بالەکانی‌تردا، ناردنی چەك و تەقەمەنی و هیزی نیزامی بۆ ئەوان یەکیك لە سەرەکی‌ترین هۆکارەکانی نائارامی لەم ولاتە و کوچکردن و ئاوارە بوونی خەلکی ئەم ولاتەیە.

لە لایەکی‌ترەوە کردەوەی دژی ئینسانی لەگەل کوچبەرانی ئەفغانی لە ئیران لەوانە رەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی شەری کۆنەپەرەستانەی ئیران و عیراق و بە کوشت دانی زۆربەی ئەوان، کەلك وەرگرتن لە هیزی کای هەرزان و چەوساندنەوەی درندانەی کریکارانی ئەفغانی لەکاری سەخت و تاقەت پروکین بە حەقدەستی کەمەوە، کەلك وەرگرتن لەوان لەدژی نارەزایەتی و خەباتی کریکاران و پیکهینانی دژایەتی و چەند دەستەگی لەنیو ئەوان و کریکارانی ئیرانی‌دا، وەك خارجی و خۆجیٚیی، خولقاندنی فەزای رەگەزپەرەستانە و دژی خارجی بوون بە بیانووی ئەفغانیەکانەوە کە پۆست و کاری کریکارانی ئیرانیان داگیرکردە و دەیان نموونەی‌تر، بەشیك لە کردەوە و رەفتاری دژی ئینسانی و دژی پەنابەرانی ئەفغانی‌یە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی لەسەر کار و حزووری ئەوان لە ئیران، هیدایەت دەکریٚن.

ئەمرۆ، کە جاریکی‌تر کۆماری ئیسلامی سیاسەتی رەگەزپەرەستانە و دژی پەنابەریێتی خۆی توندوتیژتر کردوە کە ژنان و منالانی ئیرانیش دەگریتەوە، دەبی بەشیوەیەکی چالاکانە و یەککگرتوانە بەگژ ئەم زەخت و زۆریانە و رەفتاری دژی ئینسانی رژیم دا بچنەوە و لەقاویان بدەن و ئاشکرایان بکەن.

ئەگەر پەنابەران و کوچبەرانی ئەفغانی لەسەر داوای خۆیان و بە بی‌هیچ زەخت و زۆریك هەول بدەن بگەرینەوە، نابی کەس ریگر بیٚ بەلکوو دەبی ئیمکاناتی گەراندنەوەیان بۆ دابین بکریٚ و یارمەتی بدریٚن، بەلام لە حالیك دا ئەگەر کوچبەرانی ئەفغانی کە هیشتا لە ئیرا دەژین، سالانیکە لەم ولاتە بی‌بەشی و چارەرەشی و زەخت و زۆریان بەسەردا سەپاوە و پەنایان بۆ قورسترین کار بردوە و بەکردەوە بوونە بەشیك لەم کۆمەلگایە، خاوەنی هاوسەر و منالی ئیرانین، نەیانهەوی بۆ ولاتی شەرلیدراوی ئەفغانستان بگەرینەوە، مافی سروشتی و ئینسانی خۆیانە و هەروەك تیکرای شارومەندانی ئیرانی دەبی لە تەواوی ئیمکانات، ژیان، کار، مەدرەسە، ئەمنیەت، ئیمکاناتی دەرمانی و بیهداشتی بەشداری لە تەواوی پلە و پایە ئیداری‌یەکانی ولات بەرخوردار بن. دەبی وەك شارومەندیك کە مافی بەرابەریان هەبی لە ئیران بژین. کریکار و پەنابەری ئەفغانی دوژمنی خەلکی ئیران نین، بەلکوو هاوپەیمان و هاوچارەنووسی ئەوانن. ئەوانیش هەروەك بە میلیون کوچبەری ئیرانی لە دەستی دەسەلاتدارانی جینایەتکاری ئیسلامی، دەستیان لە کار و ژیانی خۆیان هەلگرتوە و ئازار و مەینەتیەکانی کوچبەری‌یان بە قیمەتی گیان کریوە. دوژمنی هاوبەشی خەلکی ئیران و کوچبەران و پەنابەرانی ئەفغانی، کۆماری ئیسلامی ئیران و دەولەتی ئیسلامی ئەفغانستان و کۆنەپەرەستانی ئیسلامی لە هەر دوو دیوی سنوورەکانەوەیە.

دەبی پیش بە سیاسەتی دژی ئینسانی، فاشیستی و رەگەزپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی لە بەرخورد بە پەنابەران و کوچبەرانی ئەفغانی بگیری. خەلکی هەژار و ستەم لیکراوی ئیران نابیٚ ریگە بدەن کە کۆماری ئیسلامی گالتە بە گیان و ژیان و چارەنووسی سەدان هەزار پەنابەری ئەفغانی بکا. دەبی دیفاع لە سەرجەم مافەکانی شارومەندی ئەوان هەروەك شارومەندانی ئیران بکریٚ. مافی کار و ژیان لە ئیران، مافی سروشتی و ئینسانی ئەوانە و دەبی بە جیدی دیفاع لەو مافانە بکریٚ.

*



# هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو

ن: ا.س.واسکیز
و: بیستون

## دوژمنایەتی بەرهەم هینانی سەرمایەداری لەدژی هونەر

بەرهەم هینانی سەرمایەداری لەگەل زۆربەی لقەکانی بەرهەمی مەعنەوی دوژمنایەتی هەیە، بۆ وینە دوژمنایەتی لەگەل شیعر و هونەر.

مارکس لە سەرتاسەری بەرهەمەکانیدا زۆرجار باسی پەیوەندییەکانی نیوان هونەر و نیزامی سەرمایەداری کردووە. لەم رووەوە کە بۆ ئەو لایەنی جوانکاری ناسینی حەوزەکانی بنەماکان، مەوزوعییەتی ئینسانی بوو، سروشتی‌یە کە عەلاقە بە چارەنووسی هونەر وەك رەنگدانەوەی هیزی داهینەرانەی ئینسان لە کۆمەلگای سەرمایەداریش دا هەبوو.

مارکس پاش دەست نیشان کردنی ناوەرۆکی چەوسینەرانەی بەرهەمە مادی‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری، وەبیر دینیتەوە کە بەرهەم هینانیکی ئەوتۆ، لەگەل چەند بەشیکی دیاری کراوی بەرهەمی مەعنەوی لەچەشنی هونەر و شیعر دوژمنایەتی هەیە و لە روانگەکانی‌دا سەبارەت بە زێدەبایی لەسەر دوژمنایەتی سەرمایەداری لەگەل هونەر پیی داگرتوە کە، پەیوەندی نیوان بەرهەمی مادی و بەرهەمی ئەندیشەکان ئەوەندەش سادە نیە. چونکە ئەم دوانە وەك دوو جۆر لە بەرهەم پەیوەندی‌یان بە شیوازە جۆراوجۆرەکانی سازمانە کۆمەلایەتی‌یەکانەوە هەیە، مارکس لەسەر ئەم بروایە بوو کە بەرهەمی مادی لەژیر هەل و مەرجی سەرمایەداری‌دا نە تەنیا هەنگاویك بۆ گەشەی هونەر هەلناگری، بەلکو بە ئانقەست کۆسپ دەخاتە سەر ریگای.

مارکس بە دەربرینی ئەم مەسەلەیە کە بەرهەم هینانی سەرمایەداری لەگەل بەرهەمی ئەندیشەکان دوژمنایەتی هەیە، پی لەسەر ئەوە دادەگری کە ئەم دوژمنایەتی‌یە تەنیا تایبەت بە هونەر نیە. شاراوە نیە کە ئاستی ئەم دوژمنایەتی‌یە لە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەندیشەدا بە شیوەیەکی یەکسان ئاشکرا نابی. لیرەدا دەتوانین بەپیی لیکدانەوەکانی بناغەکانی مارکسیزم ئیشارە بەم خالە بکەین کە بەرهەمە مادی‌یەکانی سەرمایەداری لەگەل سەرجەمی بەشە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمی داهینەرانەی بیر کردنەوەکان بە رادەیەك دوژمنایەتی‌یان ناکات، بەلکو چەند بەشیك لەم بەرهەمە لەو دوژمنایەتی‌یە دەپاریزرین و تەنانەت بەرهەمی مادی بەشیك لەم بەرهەمانە لەبیر ناکات بۆ وینە سەبارەت بە زانست و بە تایبەت زانستی سروشتی، کە لە بواری موناسباتی سەرمایەداری‌دا بەرهەمەکەی گەشە دەکا و پەرەدەستینی. زانست لە روانگەی مارکسەوە، ئەم هیزە لە ئەندیشەیە کە پشتیوانی گەشەی بەرهەم و مەرجی پیویستی گەشە کردنیەتی و لەم لایەنەوە بەرهەمی مادیش هۆکاری چارەنووس سازی پیشکەوتنی زانستە. داواکاری‌یەکانی بەرهەمی سەرمایەداری، هۆیەکانی گەشە کردنی زانست مسۆگەر دەکات.

رەنگە بتوانین بلێین کە چارەنووسی زانستی نوی بە توندی بە گیروگرفتەکانی زانستی‌یەوە گری دراوە، واتە ئەو گیروگرفتانە کە خۆیان بەرهەمی رەوتەکانی سروشت لە سەردەمی سەرهەلدان و زال بوونی سەرمایەداری‌دان. دواتر دەبینین کە لقیك لە بەرهەمی ئەندیشە واتە زانست هەروەك ئاکامی گەشە کردوی بەرهەمی مادی پیشکەوتن بە خۆیەوە دەبینی. بەهەر رادەیەك بەرهەمی مادی گەشە کردووتر بێ ئاستی گەشە کردنی زانستیش زیاتر دەچیتە سەری. واتە کاریگەری‌یەکانی سروشت بە قوولایی‌یەکی زیاترەوە دەتوانین لێیان تێ بگەین. زانست پی بەپیی بەرهەمی مادی پیشرەفت دەکات و ئەگەر گەلیك ناهەماهەنگی لە نیوان زانست و بەرهەمی مادی‌دا هەیە بەو رادەیە بەرچاو نیە کە لە بەشەکانی‌تری بەرهەمی ئەندیشەکاندا بەرچاو دەکەوی. بەهۆی پەیوندی نزیکی نیوان زانست و بەرهەم، هەماهەنگی نیوان ئەم دوانە زیاتر دەبی.

هەنەر و ئەدەبیات بە شیوەیەکی راستەوخۆ وەلامدەرەوەی داخوازی‌یەکانی بەرهەمی مادی نیە و بەرهەمی مادیش بە شیوەیەکی راستەوخۆ کار ناکاتە سەر دیاری کردنی ناوەرۆك یان روالەتی بەرهەمی هونەری و مەسیری گشتی گەشەی هونەریش دیاری ناکات کە نیشان بدات ئایا هونەر لە کۆمەلگایەکی دیاری کراودا گەشە دەکات یان نا؟ هەلبەتە مەبەست ئەوە نیە کە هونەر کاریکی بە هیزەکانی بەرهەم هینەرەوە نیە. ئەم هیزانە لە ئاخرین لیکدانەوەکاندا شوینەواری تایبەتی خۆیان هەیە. بەلام گەشە کردنی بیرکردنەوە هەرچەند لە ئاکام دا بە ژیرخانی ئابووری‌یەوە بەستراوەتەوە بەلام هونەر و ئەدەبیات بەشیك لە تەواویەتی کۆمەلگایەکی چڕ و پڕ دروست دەکەن کە لەو کۆمەلگایەدا بە شیوەیەکی زاتی هەم بە بنەماکانی ئابووری و هەم بە تیکرای بەشەکانی سەرخانی ئیدئولوژی‌یەوە گریی خواردوە. بەرهەمی ئەوەی کە هونەر و ئەدەبیات لە حالیکدا کە ئیستاش لەژیر قەید و بەندی ئابووری‌دان، بە رادەیەکیش سەربەخۆیی خۆیان هەیە کە زۆر لە سەربەخۆیی زانست بەرینترە. ئاستی ئەم سەربەخۆیی‌یە راستەوخۆ بە ژمارەی ئالقەکانی نێونجی گری خواردووی نیوان هونەر و بنەماکانی ئابووریش دەگریتەوە، لە ئاکام دا بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەندیشە هەرچی لە بەرهەمی مادی دوورتر بێ، لە نیوان گەشەی هونەری و گەشەکردنی ئابووری‌دا ناهەماهەنگی زیاتر سەر هەلدەدا. ناهەماهەنگیەکی ئەوتۆ دەتوانی بە کۆتایی بگات کە نموونەکەی هونەری یونانی‌یە.

هۆکارەکانی ئەم گەشە کردنە نا یەکسانە کە مارکس نە تەنیا هەر لە هونەری یونانی‌دا بەلکو بە هونەری شکسپیریش روونی کردووە، دەبی لەناو سروشتی ئالقەکانی نیونجی ژیرخان و سەرخاندا بۆی بگەرێی، نەك لەناو هیزەکانی بەرهەم هینەری माددی‌دا. واتە لەم ئالقە گری خواردوانەدا کە مارکس سەبارەت بە هونەری یونانی ئیشارەی پی‌دەکا، مەفهوومیکی تایبەتی‌یە لە سروشت لە روانگەی یونانیەکانەوە و هەروەها ئەو موناسباتە کۆمەلایەتی‌یەیە کە بە خستنەگەری هیزی خەیالی یونانیەکان، ئوستورە یونانەکانیانی خولقاندوە.

دوژمنایەتیەك کە مارکس لە نیوان بەرهەمی سەرمایەداری و هونەردا دەیبینی لەنیوان بەرهەمی مادی و بەرهەمی هونەری پەیوەندی‌یەکی مەنفی بەرقەرار دەکا، بەلام لەم بارەوە ئەو مەنفی بوونە ئاکامی گری خواردوی جۆاروجۆر کە گەشەی نایەکسانی هونەر و ئابووری دەست نیشان دەکات نیە، بەلکوو کەم تا زۆر ئاکامی ئەو هەل و مەرجەیە کە خودی بەرهەم هینانی سەرمایەداری تییدا قەراری گرتوە، رەوتیکی مەنفی بوونی ئەوتۆ لە هەل و مەرجی بەرهەمی پیش لە سەرمایەداری بۆ وینە لە هەل و مەرجی کۆمەلگای یونانی‌دا نابینین. هەر بۆیە یاسای گەشەی نایەکسانی هونەر و ئابووری لە کومەلگایەك دا کە ئاستی ئابووری نزمە، پشکوتنی هونەر دەتوانی زیاتر لەو ئاستە بی کە کۆمەلگای گەشە کردووی ئابووری دەستی پیی بگات. نموونەیەك کە مارکس لە هونەری یونانی دەیهینیتەوە بە تەواوی لەم بارەوە ئاشکرایە و دروستە. لە هیچ کۆمەلگایەکی پیش لە سەرمایەداری، بەرهەمی مادی لە بنەرەتدا دوژمنایەتی لەگەل هونەر نەبوو، تەنانەت مەبەستەکانیشی لە کۆمەلگا سەرەتاییەکانیش دا واتە ئەو کاتەی کە هونەر راستەوخۆتر پەیوەندی بە بەرهەمی مادی‌یەوە هەبوو، بەمجورە نەبوە. لە بنەرەتدا دوژمنایەتی بەرهەمەکانی مادی لەگەل هونەر تەنیا لە نیزامی سەرمایەداری‌دا بەرچاو دەکەوی. بەپیی روانگەکانی مارکس، سەرمایەداری لە زاتی خوی‌دا شکل بەندی‌یەکی کۆمەلایەتی — ئابووری‌یە کە لەگەل هونەر نامۆیە و لە دژیەتی.

کاتیك کە لە کۆمەلگای غەیرە سەرمایەداری‌دا بەرهەمی مادی ریگای دژایەتی بەرهەمی هونەری گرتە بەر، ئەم دژایەتیە خەسلەتی بنەرەتی نەبوو، واتە ریشەیەکی راستەوخۆی لە سروشتی سازمانی ئابووری ئەم دوانەدا نەبوو، بەلکوو ریشەی لەو رایەلە چروپرە هەنگاو بە هەنگاوەوە هەبوو کە هونەری بە بناغەکانی ئابووری‌یەوە گرێ داوە.

سەردەمیك کە مارکس وتی بەرهەمی سەرمایەداری دوژمنی هونەرە، ئەو دوژمنایەتیە دەیتوانی بە هەلە تەنیا بە رەنگدانەوەی یاسای گەشەی نایەکسانی هونەر و ئابووری لیك بدریتەوە، بەلام ئەم دیاردەیە بەهیچ جۆر رەنگدانەوەی ئەم یاسایە نیە. لە راستی‌دا، لازمەی ئەم یاسایە بەمجۆرە کە مارکس روونی کردۆتەوە ئەوە نیە کە چەندین جۆری تایبەت لە بەرهەمی مادی خۆی لە خوی‌دا دوژمنیان بە گویرەی هونەری بی و ئەم یاسایە لیکدانەوەی هەل و مەرجیك نیە کە شیوازیکی تایبەت لە بەرهەم بتوانی بەم یان بەو شیوە لە هونەردا کاریگەری هەبی.

تەنیا شتیك کە دەکری لەم یاسایە وەربگیری ئەوەیە کە چونکە هونەر لە سەربەخۆیی‌یەکی نیسبی بەرخورداره، لەم رووەوە ئیمکانی هەیە کە بی سەرنج دان بە جۆریك بەر لە زال بوونی بەرهەمی مادی هونەر بە پلەیەك لە گەشە کردن کە بەرزتر یان نزمتر لەگەل هیزەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری‌یە بگات. روانگەی دوژمنایەتی سەرمایەداری لەگەل هونەر، پەیوەندی‌یەکی راستەوخۆ لەنیوان ئابووری و هونەر دادەمەزرینی کە پەیوەندی‌یەکی مەنفی‌یە، بەو مانایە کە بەرهەمی سەرمایەداری بەپیی زاتی خۆی، لەگەل هونەر، نەگونجاوە.

گەشەی نایەکسانی هونەر بە سەرنجدان بە بەرهەم هینان، بە بوونی خۆی دریژە دەدا، چونکە هەرچەند راستە کە هونەر تەنانەت کاتیك کە بەرهەمی سەرمایەداری لە لوتکەی دەسەلاتدایە، دریژە بە گەشە کردنی خۆی دەدا، بەلام ئەم گەشە کردنە بەهۆی ئابوری‌یەوە نیە بەلکو بە جیاواز لەو دەخولقی. بەلام ئەم راستی‌یە کە هونەر دەتوانی بەمجۆرە دریژە بە ژیانی خۆی بدا، بەمانای نەمانی دژایەتی نیوان بەرهەمی مادی و بەرهەمی هونەری نیە، چونکە دژایەتی‌یەك کە ئیمە باسی دەکەین ئەو جیاوازی‌یە بی‌بناغە و لەناو چونە نیە کە ئیشارەی پی دەکری کە بتوانی بە گورانی ئاستی خەسلەتی بەرهەمی سەرمایەداری لەناو خۆی ئەو نیزامەدا بەسەری‌دا زال بی. بەپیچەوانەوە ئیمە باس لە دژایەتی‌یەکی بنچینەیی دەکەین و هونەر تەنیا هەتا ئەو کاتە گەشە دەکات کە بتوانی خۆی لەژیر دەستی سەرمایەداری رزگار بکات.

*

# راپورتە هەواڵەکان

## کرماشان:

### کۆبوونەوەی کریکارانی کارخانەی کشمیری کرماشان

لە ماوەی حەوتووی رابردوودا بۆ جاری دووهەم، کریکارانی کارخانەی کشمیری کرماشان، لە ئیعتراز سەبارەت بە نەدانی حەقدەستی حەوت مانگی رابردووی خۆیان رۆژی ٧ی جۆزەردان لەبەر دەرکی ئیدارەی کاری ئەم شارە کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی‌یان وەریخست.

بەپێی ئەم هەواڵانەی کە بەدەستمان گەیشتون، مودیر کوللی ئیدارەی کاروباری کۆمەلایەتی ئوستانی کرماشان، چووە نیو کۆبوونەوەی ئیعترازی کریکاران و لەسەر فروشتنی دەست بەجیی زەوی‌یەکانی ئەم کارخانە و، دانی حەقدەستی کریکاران تەئکیدی کرد.

لەم کۆبوونەوە ئیعترازی‌یەدا، کریکاران سەرەرای بەدەستەوە گرتنی پلاکارد خوازیاری دانی حەقدەستی دواخراوی خۆیان لە مانگی پوشپەری ساڵی ٨١ەوە تا ئیستا بوون. چەند کەس لە کریکاران بە دەربرینی ئەم راستی‌یە کە هیچ کام لەو نەهادانەی بەناو پشتیوانی کریکاران ئەرکی خۆیان بەجی ناگەیەنن وتیان: بە سەرنج دان بە قەرزەکانی خاوەن کارخانە بە سازمانی تەئمینی ئیجتماعی، ئەم سازمانەش ئەرکەکانی خۆی لە ئاست کریکاران بەجی ناگەیەنی. ئەم کریکارانە لە دریژەی قسەکانیان دا دەلین: بۆ دانی تەسهیلات هیندیك زەوابت دانراون کە هیچ کریکاریك ناتوانی ئەم زەوابتانە تیپەر بکات.

جیگای باسەت ١٤٥ کەس لە کریکارانی لەسەر کار و ٢٣ کەس لە کریکارانی بازنشستەی ئەم کارخانەیە ماوەی ٧ تا ٩ مانگە هیچ چەشنە حەقدەستیکیان پی نەدراوە.

خەباتی کریکاران بۆ وەرگرتنی حەقدەستە دواخراوەکانیان، بۆتە کاریکی رۆژانەی کریکاران لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم هینان. خواستی دانی حەقدەستە دواخراوەکان ویرای خواستەکانی‌تری کریکاران بە تایبەت پیکهینانی ریکخراوە کریکاری‌یەکان، دەبی ببیتە خواستیکی گشتی و دەست بەجیی بزووتنەوەی کریکاری ئیران و هەلسووراوانی و ریکخەرانی مانگرتنە کریکاری‌یەکان.

## بوکان:

بەپێی هەواڵیك کە لە شاری بۆکانەوە بە دەستمان گەیشتووە ماوەیەکە فەرمانداری شاری بوکان زەخت و فشاریکی زۆری بۆ ئەو کریکارانە هیناوە کە نانەواخانەی ئازادیان هەیە بۆ ئەوەی کە نانەواخانەکانیان دابخەن. تا ئیستا کریکاران هیچ وەلامیکیان بەو قسەیەی فەرماندار نەداوەتەوە. جەنابی فەرماندار بۆ ئەم کارە چەند کەسی کردۆتە مەئمور کە ئەم کارە بکەن واتە نانەواخانەکان بە زوری بە کریکاران داخەن، بەلام ئەوکەسانە نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن، هەر بۆیە فەرماندار لە سەر کارەکانیان دەری کردون. کومەلە ئەم کردەوە دژی کریکاری‌یەی فەرمانداری بۆکان مەحکوم دەکات و کریکاران بۆ ئەوە بانگەواز دەکات کە بە یەکگرتوویی خۆیان لەدژی ئەم دەستورەی فەرماندار راوەستن و پاشەکشەی پی بکەن.

## سنە:

### هەواڵیك سەبارەت بە بازخەریدی ١٠٠کەس لە کریکارانی کارخانەی شاهو لە شاری سنە

بەپێی هەواڵیك کە لە شاری سنەوە بە دەستمان گەیشتوە، مودیریەتی کارخانەی رستن و چنینی شاهو کە زیاتر لە ٦٠٠ کریکاری هەیە، قەرارە ١٠٠ نەفەر لە کریکارانی ئەم کارخانەیە بە شیوەیەکی ئیجباری بازخەرید بکا.

بەپێی قسە و باسی یەکیك لە کریکارانی کارخانەی شاهو کە چەندین ساڵ پیشینەی کاری هەیە، ئەم ١٠٠ کریکارەی کە قەرارە بازخەرید بکرین تەنیا حقوقی ٧مانگ لە سالیان پی دەدری و بەپێی بریاری مسئولینی ئەم کارخانەیە حقوقی ٥ مانگەکەی دیکەیان پی نادری.

کریکارانی کارخانەی شاهو بە تیکرایی لەدژی ئەم بریارەی مودیریەتی کارخانەی شاهون و دەلین کریکارانیك کە چەند ساڵ سابقەی کاریان هەیە نابی بازخەرید بکرین. کریکارانی ئەم کارخانە لە هەمان حال دا لەسەر ئەوە پیدادەگرن کە ئەگەر کریکاریك قەرارە بازخەرید بکری دەبی حقوقی تەواوی پی بدری.

پیویستە بوتری کە قسە و باسی بازخەریدی ١٠٠ نەفەر لە کریکارانی کارخانەی شاهو لە حالیك دا کەوتوتە سەر زمانان کە تەوەروم و گرانی رۆژ لە رۆژ زیاتر و لە خوارەوە بوونی ئاستی حەق دەستەکان تەنگی بە ژیان و بەریچونی کریکاران هەلچنیوە.

ئیمە ویرای پشتیوانی لە ئیعتراز و نارەزایەتی کریکارانی کارخانەی شاهو لەدژی بریاری مودیریەتی ئەم کارخانەیە سەبارەت بە بازخەریدی ١٠٠ کەس لەکریکارانی، هەموو کریکارانی کارخانەی شاهو بۆ وەریخستنی ئیعتراز و خەباتیکی یەکگرتوانە لەدژی ئەم بریارەی مودیریەتی کارخانەی شاهو بانگەواز دەکەین.

## مەریوان:

وەزعی ژیانی خەلکی ئاوایی گوڵچیەر زۆر نالەبارە و هیچ شتیکی لە ئاوەدانی ناچی. بەرپرسانی رژیم هیچ سەرنجیك بە بارودۆخی خەلکی ئەم ئاواییە نادەن. گەلیك گیروگرفت لەم ئاواییەدا هەیە کە بەراستی ژیانیان لە دانیشتوانی تال و دژوار کردوە.

ئاوی خواردنەوەی ئەم ئاواییە ئەسلەن بیهداشتی نیە و خەلك ئاوی خواردنەوەی خۆیان لە چەند کانی‌یەك دابین دەکەن کە مەعلوم نیە لە کویوە سەرچاوە دەگرن. شتیك بەنیو ئاوی لولەکەشی هەر نیە و بۆ خەلك نامۆیە. خەلك بۆ هینانی ئاو لە ئاژەڵی باربەر کەلك وەردەگرن.

فازلابی ئاوایی دەرژیتە ناو ئەو چۆمەی کە لەنیو ئاوایی تیپەر دەبێ، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هاوین و وەرزی گەرما بۆنیکی ناخۆش و ئازاردەر ئاوایی داگرێ.

لە نیوەراستی ئاوایی‌یەکە و لەسەر چۆمەکە دوو پرد لی‌دراون کە هەردووکیان بە خەرج و پووڵی خەلکی خودی ئاوایی دروست کراون. هەموو ساڵی لە وەرزی بەهاردا کە باران دەباری ئاوی چۆمەکە زۆر دەبی و پردەکانیش دەروخینی و بۆ ماوەیەك هات و چۆی خەلك لەوبەری ئاوایی‌یەوە بۆ ئەو بەری قەتع دەبێ.

لە ئاوایی گوڵچیەر خانەی بیهداشت لە وجوودی نیە. هەروەها مەدرەسەیەکی باشیشی لی دروست نەکراوە. مەدرەسەکە ماڵە روخاویکە کە چوار دیوی هەیە و هەموو دیوارەکانی لاروخاون و هیچ کەس ناتوانی تەنانەت بۆ یەك سەعاتیش لە دیوەکانی‌دا تەحەمول بکات. ئەو موعەلیمانەش کە لەوی خەریکی دەرس وتنەوەن لە رووی ناچاریەوەیە لەوی خەریکی ئەو کارەن. لەراستی‌دا بی کاری هانی داون کە ئەم کارە بەم وەزعییەتەوە قەبوول بکەن. منالانی ئەم ئاواییە دەتوانن تەنیا تا کەلاسی سیهەمی راهنمایی لەوی دەرس بخوینن. دواتر دەبی بۆ دریژەدان بە خویندن بچن بۆ شار کە ئەمەش بۆ زۆریکیان ریگا نادا و هەر بۆیە لە دریژەدان بە خویندن بی‌بەش دەبن، چونکە توانایی دابین کردنی خەرج و مەخارجی خویندن لە شاریان نیە. منالانی ئاوایی شان بە شانی گەورەکان دەبی کار بکەن و یارمەتی دەری دابین کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکانیان بن. جادەی ئەم ئاواییە بۆ شار ئیسفالت نیە. لە وەرزی سەرما و سەخلەتی‌دا هات وچوی خەلك زۆر دژوارە. ئەو ئاواییە تەنیا ماشینیکی هەیە بۆ هات و چوو کردن بۆ شار کە ئەگەر رۆژیك بچی ١٠ رۆژ ناچی. ئاوایی گوڵچیەر موخابراتیشی نیە ئیدارەی کەشاورزی هیچ چەشنە بایەخیك بە کاری کەشاورزی لەم ئاواییە نادات، هەروەها لە دانی کود و باقی کەرەسە و پیداویستی‌کانی کاری کەشاورزی خۆی دەبویری.

خەلکی ئەم ئاوایی‌یە زۆرتر خەریکی دامداری کردنن، بەلام ئیدارەی دامپزیشکیش بایەخیکی ئەوتۆ بە دامپەروەران نادات و ئاسانکاری‌یان بۆ ناکات. دامپەروەران هەموو ساڵی دەبی زەرەر و زیانیکی زۆر تەحەمول بکەن.

هەلاواردن لەنیو ژن و پیاو لەم ئاوایی‌یە شتیکی زۆر زەق و بەرچاوە. ژنان بەشیوەیەکی غەیرە ئینسانی هەلس و کەوتیان لەگەل دەکری و ناهیلن کچان بە دلی خۆیان ئیزدواج بکەن و دەبی لەگەل کەسیك ژیانی هاوبەش پیك بینن کە بەدلی باوك و براکانیان بیت.

*

پاشماوەی لاپەڕەی ٨

تایبەت دوای هێرشی نیزامی بۆسەر عێراق، قەیرانیکی قووڵی ئابووری کە هەر ئیستاکە داوێنگیری جیهانی سەرمایەداری و لە سەروی ئەو داوێنگیری ولاتانی سەنعەتی بووە، هاتنە خوارەوەی نرخی دولاری ئامریکا لە ئاست ئەرزەکانی دیکە کە سەرجەم ئابووری جیهانی لەگەل قەیرانیکی توند بەرەوروو کردووە، رکودی ئابووری بۆ وینە لە ئامریکا، ئالمان و ژاپۆن و ولاتانیتر و هەولدان بۆ دۆزینەوەی ریگاچارەکان بۆ بوژاندنەوەی گەشەی ئابووری جیهان، گرینگترینی ئەو بابەتانەن کە لە کونفرانسی ئەم جارەی ولاتانی گروپی هەشت دەدرینە بەر باس و راویژکردن.

سەرانی ژمارەیەك لە ولاتانی لەحالی گەشەدا کە لە کۆبوونەوەی گروپی هەشت دا بەشدارییان کرووە، لە نەبوونی بەرپرسایەتی زل هێزە سەنعەتییەکانی جیهان لە ئاست ولاتانی هەژاری جیهان شکایەتیان هەیە و خوازیاری ئەوەن ئەو ولاتانە لەئاست ولاتانی هەژاری جیهان کاری بەرپرسانەی زیاتر ئەنجام بدەن.

ئاکامەکانی ئەم کونفرانسە هەر چییەك بێ ناتوانی ولامدەرەوەی ئەم ئەزمە قووڵە بی کە سەراپای نیزامی سەرمایەداری جیهانی داگرتووە. لە سەرەتاییترین کۆبوونەوەکانی سەرانی گروپی هەشت تاکو باقی کۆبوونەوە و ریگاچارەکانی ریبەران و ئیدئولۆگەکانی بورژوازی چ لەئاستی جیهانی و چ لەئاستی ناوچەییدا، ئاسۆیەك بۆ باشتر بوونەوەی هەل و مەرجی ئیستا لەئاست بەشەرییەت دا نابیندرێ. بیکاری روو لە زیاد بوون و میلیونی لەئاستی جیهاندا، بێماڵی و ماڵ ویرانی هەرچی زیاتری خەلکی بێبەش و زۆرلیکراو، شەر و میلیتاریزم، پەرەگرتنی کیشە قەومی، مەزهەبی و نەتەوایەتییەکان، برسیەتی و تیدا چوونی رۆژانەی هەزاران ئینسان، قووڵ بوونەوەی کەلەبەر و دژایەتییە چینایەتی و کۆمەلایەتییەکان ئەمرۆکە بۆتە بەشیك لە بەرهەم و بەرهەم هینانەوەی نیزامی سەرمایەداری لەئاستی جیهاندا. بە دریژایی میژوو تا ئیستا کە هیچ کات بە رادەی ئەمرۆ بەشەرییەت ئیمکانات و ئەزمون و داهینانەکانی خۆی نیشان نەداوە. بەلام هیچ کاتیش بەرادەی ئەمرۆ بەشەرییەت لەئاست ئیمکانات و حاسلی کار و هەلسوورانی فکری و جسمی خۆی هەستی بە جیایی و نامۆیی نەکردووە. نیزامی سەرمایەداری کە تەنیا ئامانج و مەبەستی قازانج و قازانجە، جیهان بەرەو هەلدیرگەیەکی ترسناك پال پیوە دەنی. هەلدیرێك کە شەری هەستەیی و ئەتومی سەرجەمی بەشەرییەت لەگەل تیدا چوونی بە تەواوی رووبەروو دەکات.

لەئاست داهاتوویەکی نادیار کە نیزامی سەرمایەداری ناویەتیە بەردەم بەشەرییەت، چارەنووسی ئیمە ئینسانەکان نابێ تەسلیم بوون لەئاست ئەم بارودۆخە بیت. بەلکو دەبی نارەزایەتی، خۆراگری و خەبات لەئاست ئەم چارەنووسە بێ کە سەرمایەداری بۆمانی دیاری کردووە. بەدیل و ئالترناتیوی چینی کریکاری جیهانی و بەشەرییەتی ئازادی خواز و دژی سەرمایەداری، شۆرشی کریکاری و کۆمەلگای سوسیالیستییە. شۆرشیك کە کۆتایی بە نامۆبوونی ئینسان لە ئینسان، ئینسان لە کەرەسەی کار و بەرهەم و ئینسان لە هاوشیوە و هاوچارەنووسانی خۆی دینێ و چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، جیگای خۆی دەدات بە عەدالەت و بەرابەری راستەقینەی کۆمەلایەتی، ئابووری و سیاسی.

*

پاشماوەی لاپەرەی ١

## نەهینییەکانی لاویکی بیکار

ژیان لەم ویرانەیەدا. بیزارم لە تەواوی ریبەر و سەروك کۆمار و سەرجەم کاربەدەستان و مشەخورانی کە هەموو رۆژی بەیانی تا شەو خەلکی بیچارە ئامۆژگاری دەکەن و ناچاریان دەکەن کە سەبر و قەناعەتیان هەبی و رازی بن و سەری تەسلیم نەوی بکەن و باس لە خەلك سالاری دینی و بەجی گەیاندنی یاسا و ریسا ئیسلامییەکانیان دەکەن، بە تەواوی حالم تیك دەچی. خەلك بەدەست برسیەتی و هەژاری و بیکاری و گرانی وەزالە هاتون و ئیعتیاد و فەساد هەروەك سەرەتان سەرتاسەری کۆمەلگای تەنیوە و زۆربەی خەلك بۆ پەیداکردنی تیکە نانێ رۆژی سەدان جار دەمرن و زیندو دەبنەوە و جینایەتکاران هەر بانگ و هاواریکی مافخوازانە بە زەبری گوللە و زیندان لە گەرودا قەتیس دەکەن. ئەو هەموو بیکارە و ئەو هەمووە لاوە کە هیچ داهاتوویان نیە دەبی چ چارەنووسیکیان هەبی! ماوەی ٤ سالە دیپلومم وەرگرتوە و سەربازیم تەواو کردوە بەلام بیجگە لە کریکاری ساختومانی بە حەقدەستی رۆژانەوە و ئەوەش تەنیا لە مانگ دا چەند رۆژ کار هەیە، کاریکی دروست و حیسابیم دەست نەکەوتوە. رووم لە هەر دەرگا و شوینیك کردوە کە کار بدوزمەوە بەلام بە دەست بەتالی و ناکامی گەرامەوە بۆ کریکاری و رووم کردە شارستان و بەرادەیەك سوکایەتیم پیکرا کە لە گیرانەوە نایە. لەدەست بیزار بوون لەم ژیانە تاقەت پروکینە چەندین جار هەتا سنووری خۆکوشتن هەنگاوم هەلگرتوە و ئیستاش ٣ رۆژە بە مەبەستی کریکاری دیمە مەیدان و هەتا نزیك نیوەرو بیئەوەی کە نانی بەیانیم خواردبی، چاوەروان دەمینمەوە و لە ئاکامیش دا بە نائومیدی و ناکامی بەرەومال دەگەریمەوە. بەراستی ئیتر توانای گەرانەوەم بۆ مال نیە و رووم نیە چاوم بە دایك و باوکی موحتاجم بکەوی. باشە داهاتووی من و لاوانی وەك من دەبی چی بی! شوفیرەکە ویرای پەسندکردنی قسەکانی ئەم لاوە، بە تورەییەوە رادیوکەی کوژاندەوە و چەند جنیو و قسەی پر لە بیزاری رەوانەی دەسەلاتدارانی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی کرد. قسە و باسی ستەم کاری حکومەت هەروا دریژەی هەبوو، بەلام من کە بە شوینی خوم گەیشتم بە وتنی ئەم رستەیە کە: ئازیزم تەنیا ریگای رزگاری ئیمە کریکاران و زەحمەتکیشان لە هەموو رەنج و ئازار و مەینەت، موبارزەی ئاگاهانە و وشیارانە و لیبراوانەیە کە هاوکات و یەکگرتوانە لەگەل خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشانی بیکار و لەسەر کار لەسەرتاسەری ئیران دایە هەتا رژیمی جنیایەتکاری سەرمایەداری مەزهەبی بە تیکرای یاسا و ریسا دواکەوتوانەکانیەوە بۆ هەمیشە تیکەوە پیچین و بە زبلدانی میژووی بسپیرین و ئەو حکومەتە کە پاریزەر و پشتیوانی مافە ئینسانییەکانی ئیمە کریکاران و زەحمەتکیشانە لەسەر ویرانەکانی دابمەزرینین، لە ماشینەکە دابەزیم و ئەو لاوەش بەرەو چارەنووسی نادیاری هەمیشەیی خۆی کەوتە رێ.

**بابەك - سنە**

## کاك خەسرەوی سولیمانی یاری لە میژینەی کۆمەلە کۆچی دوایی کرد

بەپیی هەوالیك کە بە دەستمان گەیشتوە، ئاگادار بووین کە بە داخ و کەسەریکی زۆرەوە کاك "خەسرەوی سولیمانی" باوکی هاوریی گیانبەخت کردومان هاوری "نادری سولیمانی" رۆژی ٥ شەممە ریکەوتی ٢٥ی گولان دوای تیپەر کردنی ٧٤ سال ژیانی هەژاری و پر لە چەرمەسەری، بەهۆی نەخۆشیەکی کوت و پر گیانی لەدەست داوە.

رۆژی دواتر واتە ٢٦ی گولان جەنازەی ئەم ئینسانە خۆشەویست وناسراوەی بەشی زۆری شار و ناوچەی سنە بە بەشداری سەدان کەس لە دۆست و ئاشنایانی لە گورستانی "بەهەشتی محەممەدی" لەناو داخ و پەژارە و ماتەمی زۆری بەشداربوان دا بە خاك ئەسپەردە کرا. بەپیی خۆشەویستی و روو خۆشییەك کە کاك خەسرەو لەنیو خەلك دا بووی دوای بلاوبوونەوەی هەوالی مەرگی، سەدان کەس لە خەلکی شاری سنە و ناوچەی ژاوەرو لە مەراسمی سەرەخۆشی ناوبراودا بەشدارییان کرد و داخ و پەژارەی خۆیان لەگەل کەس و کار و بنەمالەکەی دەربری.

کاك خەسرەوی سولیمانی کریکاریکی تورە لە نەزم و نیزامی مەوجود بوو وە دوای هاتنە سەرکاری رژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا و بە شیوەیەکی جیدی لەناو خەلك دا ئەم رق و بیزارییەی لەدژی ئەم نیزامە زالمانەیە دەردەبری.

کاك خەسرەو بە هاتنی کوری خوشەویستی واتە هاوری نادری سولیمانی بۆ ریزەکانی کۆمەلە شانازی دەکرد و بە دوای گیانبەخت کردنی هاوری "نادر"یش لەئاست پاریزەرانی نیزامی سەرمایەداری چۆکی نەلەرزی و ماتەمی وەروی خۆی نەهینا و بە شانازییەوە باسی لە کورە گیانبەخت کردوەکەی دەکرد.

کاك خەسرەو لەناو ریزەکانی پیشمەرگەی کۆمەلە لە تیپی ١١ی سنە و بەتایبەت گوردانی شوان کەسیکی ناسراو بوو. هاورییان خۆشیان دەویست و پشتیان پی دەبەست. ئیستاش قسە خوشەکانی کاك خەسرەوی سولیمانی لە یادی ئەو هاوری پیشمەرگانەدا ماوە کە لە نزیکەوە ئەویان ناسیوە.

ئیمە پربەدل سەرخوشی لە خزم و کەس و کاری کاك خەسرەوی سولیمانی دەکەین و خۆمان لە داخ و پەژارەیان دا بە بەشدار دەزانین.

*

رادیۆ دەنگی کۆمەڵە
هەموو روژانی یەکشەممە
سەعاتی ٩/٣٠ تا ١٠/٣٠ای شەو
فرکانس ٤١ میتر بەرانبەر بە
٧٥٦٠ کیلوهرتز
دەنگی کۆمەڵە

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komala

No. 167 June - 2003

# کۆبوونەوەی سەرانی گرووپی ٨ لە فەرانسە و ئیعترازو خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەس لە نەیارانی سەرمایەداری

کۆبوونەوەی سالانەی ریبەرانی هەشت ولاتی سەنعەتی جیهان، ناسراو بە گرووپی ٨، لەشاری "ئویان" لە رۆژهەلاتی فەرانسە و لەژیر چاوەدیری توندی ئەمنیەتیدا ماوەی ٣ رۆژە دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە. ئەم کۆبوونەوەیە لەدریژەی کۆبوونەوەکانی سەرانی هەشت ولاتی سەنعەتی بە هاورێیەتی ولاتی روسیە بەریوە دەچی کە ماوەی چەند سالە هەرچەند مانگ جاریك لە یەکیك لە ولاتانی سەنعەتی بەریوە دەچی. لەم کۆبوونەوانەدا گرینگترین مەسائل و گیروگرفتەکانی بەردەم نیزامی سەرمایەداری و ریگاکانی دەرباز بوون لەم گیروگرفتانە دەدرینە بەر باس و راویژ کردن. تەوەرەی سەرەکی قسە و باسەکانی کۆبوونەوەی ئەمسالی گرووپی هەشت، لەسەر هیرشی نیزامی ئامریکا و ئینگلیس بۆسەر ولاتی عیراق و دژایەتی کردنی ژمارەیەك لە ولاتانی گرووپی هەشت بۆ وینە فەرانسە و ئالمان و روسیە لەگەل ئەم شەرە دەخولیتەوە.

کیشە و بێباوەری بە یەکتر لەنیو ریبەرانی ئەم ولاتانە، بە تایبەتی دژایەتی لەگەل سیاسەتی پەرەپێدان بە دەسەلات لەلایەن ئامریکاوە کە خوازیاری زۆرترین بەش لە چەوسانەوەی خەلکی جیهانە، کەوتۆتە بەر ئیعتراز و نارەزایەتی دەربرینی ولاتانیتری ئەمپریالیستی جیهان. ژمارەیەك لەو ولاتانە وەك: ئالمان و فەرانسە لە یەکیتی ئوروپادا کە بیروکەی ئوروپای یەکگرتویان لەبەرانبەر سیاسەتەکانی ئامریکادا لەسەر دایە و لەشەر لەدژی عیراقیش بە پیچەوانەی سیاسەتەکانی ئامریکا هەلویستیان گرت، لە هەولی ئەوەدان کە لەم کۆبوونەوەیەدا مل بۆ سەرجەم خواست و چاوەروانییەکانی ئامریکا نەوی نەکەن. هەر بەم هۆیەیە کە "ژاك شیراك"، سەرۆك و ریبەرانی ١٢ ولاتی لە حالی گەشەی جیهانی بۆ بەشداری کردن لەم کۆبوونەوەیەدا بانگهیشت کردووە و بە کردەوە دەیهەوی ئەوە نیشانی ئامریکا بدات کە تاکە هیزی جیهانی نیە و ناتوانی رەقیبەکانی خۆی لە سەحنەی سیاسی جیهان دەرهاوێ.

ئەمە خۆی دەرخەری ئەم راستییەیە کە جیهانی تەك جەمسەری کە سەردەمیك ببوە بنێشتە خۆشکەی ئەمپریالیزمی جیهانی و دەست و پەیوەندەکانی، هیچ شتیك نەبوو جیا لە دلەراوکی و تەبلیغاتیکی پوچ و بێناوەرۆك. جیاواز لەدژایەتی و کیشەکانی نیوخۆی سەرمایەداری کە لەسەر دابەش بونەوەی سەرلەنویی جیهان و چەوسانەوەی هیزی کار لە ئاستی جیهاندا لە ئارادایە، ئەمرۆکە خەباتی دژی سەرمایەداری بە پانتایی جیهان هەروەها دریژەی هەیە و زیاتر لەهەر شتیکی دیکە خەوی جیهانی تەك جەمسەری لەچاوی سەرانی گرووپی هەشت و سەرجەم ریبەرانی نیزامی سەرمایەداری زراندووە. ئەمرۆ جیهانی دوو جەمسەری، جیهانی کار و جیهانی سەرمایەیە کە لەبەرانبەر یەکتردا قەراریان گرتوە.

لەماوەی چەند سالی رابردوودا هەرکاتیك سەرانی گرووپی هەشت لە یەکیك لە ولاتانی جیهان کۆبوونەوەیان پیك هینابێ، هاوکاتیش کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی دژی سەرمایەداری بە بەشداری دەیان هەزار کەس لە نەیارانی سەرمایەداری لەو ولاتەی کۆبوونەوەکەی تیدا بەریوە دەچی، وەری خراوە.

نەیارانی سەرمایەداری لە گوشە و کەناری جیهانەوە بە مەبەستی بەشداری کردن لە ئیعتراز و رێپیوان و خۆپیشاندان لەدژی ولاتانی گرووپی هەشت و ولاتانیتری سەرمایەداری بەرەو شوینی کۆبوونەوەکە وەرێ دەکەون. بەلام پولیسی ئەو ولاتەی کە کۆبوونەوەکەی لێ دەگیری بە کۆکردنەوەی هەزاران کەس لە هیزەکانی تایبەت و دژی شۆرش و هیزی ئینتزامی دەکەویتە گیانی خۆپیشاندەران و دەبیتە کۆسپ و لەمپەر لەسەر ریگای وەرێ خستنی کۆبوونەوەی نەیارانی سەرمایەداری.

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا هیزەکانی پولیسی ولاتانی فەرانسە و سوئیس بە دریژایی ١٥ کیلومیتر بە چوار دەوری شوینی کۆبوونەوەی ئەم جارەی هەشت ولاتی سەنعەتی جیهان، پاریزگاری لە کونفرانسەکە دەکەن.

بەپیی ئەم هەوالانەی کە بلاو کراونەتەوە ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران هەولیان داوە گەماروی هیزەکانی پولیسی فەرانسە و سوئیس بشکینن و لە راگواستنی بەشداربوانی کۆبوونەوەکە لە سنووری سوئیس بۆ "ئویان"ی فەرانسە بەرگری بکەن. لەشاری "لۆزان"ی سوئیس لەنیوان خۆپیشاندەرانی دژی سەرمایەداری و هیزەکانی پولیس تیك هەلچوون رویدا. لەو خۆپیشاندانەدا ئەو هوتیلەی کە شوینی حەسانەوەی ژمارەیەك لە بەشداربوانی کونفرانسەکە بوو هیرشی کرایە سەر.

بەپیی ئەو هەوالانەی کە بلاو کراونەتەوە: خۆپیشاندەران بە ئاگردانی لاستیك، ژمارەیەك لە جادە و شەقامەکانی شاری "لۆزان"یان بەست. پولیسی ولاتانی فەرانسە و سوئیس کە بۆ بەرامبەرکێ کردن لەگەل خۆپیشاندەرانی دژی سەرمایەداری هاوکاری تەواویان لەگەل یەکتر هەیە، هیرشیان کردۆتە سەر خۆپیشاندەران و کەلکیان لە گازی فرمیسك ریژ و ماشینەکانی ئاگرکوژانەوە وەر گرتووە. هەروەها لەشاری "ژنو"ی سوئیس ئیعتراز و خۆپیشاندان روی داوە و چەندین دوکان ئاگریان تیبەردراوە و چەندین بینای دەولەتیش خەسارەتیان لێ کەوتوە.

جیاواز لە چارەسەر، یان بە لانیکەم گەیاندنی دژایەتییەکانی نیوان ولاتانی گرووپی هەشت، بە

بروانە لاپەرەی ٧

## پێشڕەو

ئورگانی کومیتەی ناوەندی
سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران
( کۆمەڵە )

گۆڤارێکی سیاسی ١٥ رۆژەیە.

ئادرەس لە دەرەوەی ولات:

R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORG
SWEDEN

فاکس: 00460853184853

ئینترنێت
سایتی کۆمەڵە:
www.komalah.org
سایتی رادیۆ دەنگی کۆمەڵە:
www. Radiokomaleh.com
سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:
www. cpiran.org

چاپ : ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە

## دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

شەوانە: ٢١/٣٠ — ٢٢/٣٠
جومعە بەیانیان: ٨ — ٩
شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :
٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز
٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هێرتز

## دەنگی شۆرشی ئێران

بەیانی: ٧ تا ٨
نیوەڕۆ: ١٣ تا ١٤
ئێواران : ١٩/٣٠ — ٢٠/٣٠
شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :
٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز
٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هێرتز

ئادرەسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات
Communist Party of Iran:

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C . D . C . R . I
Box 704 45
107 25 Stockholm - Sweden
Tel/Fax: 46 - 08 - 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

Representation of Komala abroad
دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات
K. K.
P.o.Box 75026
Box: 750 26 Uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46-18-46 84 93
e- mail: komala@cpiran.org

ژمارە تەلەفون و فاکس:
٠٠٤٦ – ١٨ – ٤٦ ٨٤ ٩٣

دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە سلێمانی
Tel: 3124760 - 3125815

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Tel: 0044707 - 7520 - 781
Tel: 0044707 - 7523- 966
Komalah@komalah. org